**ئەنجومەنی دادوەری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوسینگەی ئە نجومەن**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان و وەرگێڕان**
**ژمارە : ٥ لـــە ٢٠٠٩/٦/٢٢**

## بەیان ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٠٩

پشت بە حوکمی مادده (٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ( ٢٣ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**یەکەم :**

دەست پێکردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠ ) ڕۆژ لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١٥.

**دووەم :**

ئەو کێشانەی پەیوەندی بە کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشەو داوای بەپەلە دادەنرێن .

١- وەرگرتنی داوا نامە (عریضة الدعوی ) وە گلدانەوەی سەرەتایی (الحجز احتیاطي ) وە پێراگەیاندنی یاسایی .
٢- ئەو کێشەو پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە /٨٣ سالی ١٩٦٩دیاری کردوون .
٣- ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دوخستنی جیٚ بەجیٚ کردنی بریارێك یان مامەلەیەکی تێدا دەکات .
٤- داوای میری بۆ مولك سەندنەوە (استملاك ).
٥- ئەو داوایانەی داوا لێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم .
٦- داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تر لێبکەوێتوە .
٧- داوای هەلگرتنەوە و لێك کرینەوە (شفعة ) و پاکتاو کردنی وەقف و چۆلکردنی بەکرێدراو .
٨- داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و ریٚگەی جۆگەلە و سوولاوکە هاتوو چوون ( حقوق السقی والمجری و المسیل والمرور ) مافەکانی ارتفاق .
٩- داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە .
١٠- داواکانی راستکردنەوەی تەمەن و ناو و نازناو .
١١- ئەو داوایانەی فەرمانگەی رەسمی یانیمچە رەسمی و دەزگا گشتیەکان تیایدا لایەنە.
١٢- داواکردنی خەرجی بژێو ( نفقة ) و دایەنی (حضانة ) ودیتنی منداڵ و رەچەلەك (نسب ) .
١٣- داواکانی سەلماندنی پێگەیشتوویی لێهاتوویی (اثبات الرشد).
١٤- داواکانی لادانی سەرکار ( قیم ) و پیٚ سپێردراو ( وصي ).
١٥- داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

١٦- ئەو داوايانەی ياسايەك بە پەلەی دانابێت .

**سێيەم :**

جگـە لـەو داوا و كێشانەی لـە بڕگـەی دووەمـی ئـەو بەيانـە هـاتوون ، دادگـا بـۆی هەيـە داوا لـە مـاوەی پشووی دادگاكان ببينێت ئەگەر :

أ- بۆ دادگا دەركەوت لە دواخستنی داواكە زيان دەكەوێتەوە .

ب- هەردوولا لايەنی داواكە داوای دادبينی لەكاتی پشووی دادگاكان بكەن .

ج- داواكە گەيشتبووە قۆناغی كۆتايی .

**چوارەم :**

گشت مامەلە كانی دادگا لە كاروباری ئاسايی خۆيان لەكاتی پشووی دادگاكان بەردەوام دەبن .

**سەرۆك**

**احمد عبدالله زبير**

## وەزارەتی شارەوانی

## بەيـــــان ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كە پێماندراوە لە بڕگە ( د ) ی ماددەی ( ١٠ ) لە ياسای بەڕێوەبردنی شارەوانيەكان ژمارە( ٦ )ی سـاڵی ١٩٩٣ی هەمـوار كـراو ، وە لـەبـەر گەيشتنی ژمـارەی دانيشتوانی سنووری شارەوانی راپـەڕين لـە پارێزگـای سـلێمانی بـۆ ( ٥٥٢٦٩ ) پـەنجا و پێـنج هـەزار و دوو سـەد و شەسـت و نـۆ كـەس بـڕيارماندا بە :-

١. گۆڕينی پلەی شارەوانی راپەڕين لە پلەی ( ٤ ) بۆ پلەی ( ٢ ) .
٢. ئەم بەيانە لە رۆژی بلاْوبونيەوەی لە رۆژنامەی رەسميدا جێبەجێ دەكرێت.

**نازەنين محمد وسو**

**وەزيری شارەوانی**

٢٠٠٩/٧/٥

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM